



# ئەحمەد گونەشتەکین: داهێنەری شێـ

ڕەنگە کەم بن ئەو کەسانەی کە هونەرمەندی جیهانیی کورد (ئەحمەد گونەشتەکین) بناسن. هەرچەندە بەر لە ئێستاش، جارێك بە کوردی و جارێکیش بە عەرەبی وتارم لە بارەی ئەم هونەرمەندەوە نووسیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەرفەت نەڕەخساوە ئەم هونەرمەندە لە باشووری کوردستاندا پیشانگا بکاتەوە، جگە لەوە میدیا و ڕۆژنامەگەریی باشووریش هێندە ئاوەڕی لەم داهێنەرە نەداوەتەوە، دەبینین ئەگەرچی ئەو هونەرمەندێکی باکووری کوردستانە، لە ئاستی جیهانیشدا ناوبانگێکی گەورەی هەیە، تەنانەت بە داهێنەری شێواز و قوتابخانەیەکی نوێی هونەری شێوەکاری دادەندرێت، بەڵام لە باشووردا نەناسراوە.

گەیشتن بە شێواز یان قوتابخانەیەکی نوێ لە بواری هونەری شێوەکاریدا، نەك کارێکی ئاسان نییە، بگرە لە حوکمی ئەستەمدایە، چونکە بە دێژایی سەدان ساڵ لە مێژووی هونەری شێوەکاری، هونەرمەندانی شێوەکار بە تایبەتی نیگارکێشان، مەودایەکی فراوان لە خەیاڵ و کەرەستە و تەکنیك و بیرۆکەی خۆیان، لە بواری هونەر و داهێناندا تاقی کردووەتەوە. ئەزموونی هونەرمەندان لە ئاستی جیهاندا و بە درێژایی مێژووی هونەری شێوەکاری، هێندە بەرین و دەوڵەمەند و بەربڵاوە، بۆیە دەرچوون لە بازنەی ئەو داهێنانە کارێکە تەنانەت گەورە ڕەخنەگرانی شێوەکاری لە سەر ئاستی جیهاندا لێی بێ ئومێد بوون. هونەرمەندی کورد (ئەحمەد گونەشتەکین)، ڕەخنەگرانی مەزن لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا، ئەو گەواهییەی بۆ دەدەن کە داهێنەری شێوازێکی (دەکرێ پێی بڵێین قوتابخانەیەکی) نوێیە لە بواری شێوەکاریدا. ئەم قسە و بڕیارە پێویستی بە ورد کردنەوەیە. لێرە بە دوای پاڵپشت بە تێڕوانینی هەندێك لە ڕەخنەگرانی ڕۆژاوایی، هەروەها خوێندنەوە و شرۆڤەی خۆم بۆ کار و بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە مەزنە، بڕێ لە وردەکاریی داهێنان و ڕەگەزەکانی ئەو شێواز (ستایل: قوتابخانە)یەی کە گونەشتەکین دای هێناوە، دەخەمە ڕوو.

ئەم هونەرمەندە لە چەند ئاستێکدا داهێنانی لە دنیای هونەری شێوەکاریدا کردووە (بۆ نموونە شێوازی تابلۆ، کەرەستەکەی، قەبارەی، ئامرازی کار، تەکنیك، فیگەر، پاشخانی کولتوور و کەلەپوور..). جا بۆ ئەوەی باشتر لە خەسڵەتی کار و مەودای داهێنانی ئەم هونەرمەندە بگەین، بڕێك ڕوون کردنەوە لە بارەی ئەو ڕەگەزانەی دەبنە خاڵی داهێنان لە لای ئەو (بەشێکیان لە نێو جووت کەوانەکەی پێشوودا ئاماژەمان پێ داون)، دەخەینە ڕوو.

ڕەنگە خاڵی هەرە بەهێز لە ئەزموونی ئەحمەد گونەشتەکین ئەوە بێت، ئەو لە نێو جوگرافیای ژینگەی خۆیدا مانۆڕی کردووە، هەڵکۆڵین و توێژینەوەی لە نێو کەلەپووری ئەنادۆڵ (ئەناتۆلیا) دا کردووە، کە تێیدا کولتوور و کەلەپووری دەیان نەتەوە و چەندین شارستانیەتی جیاجیا تێکەڵ بە یەکدی بوون. لە ڕۆژهەڵات و باشووری ئەناتۆلیادا، کولتوور و کەلەپووری کورد باڵادەستە، ئەگەرچی ئەو جوگرافیایە بۆ چەندین سەدە و سەردەم هێڵی گەرمی پێکدادانی نێوان ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات (گریك و ڕۆم بەرانبەر بە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات) بووە، بەڵام کەلەپوور و شارستانیەتەکە دواجار مەرەخەسی خەسڵەتی ڕۆژهەڵاتیانە بووە. بە تایبەتی کە دیموگرافیای کورد لە قووڵایی ئەناتۆلیاوە پاشەکشەی نەکرد، پاشان عوسمانییەکان کە دەستیان بە سەر شاری قوستەنتینە (ئەستەنبووڵی ئێستا)دا گرت، لەو بەریەك کەوتنە شارستانی و ژیارییەدا، کورد و تورك هاوکاریی یەکدیان کردووە، هەردوو نەتەوەش لە فۆرمی ڕۆژهەڵاتیانەی خۆیان دانەماڵان. جا لەم حەوزی شارستانیەتەدا کە پێی دەگوترێت ئەناتۆلیا، گونەشتەکین بە دوای ئەکسیری داهێناندا گەڕاوە. چەمك و چمکی داهێنانی لە نێو کەلەپووری ئەو جوگرافیایەدا دۆزیوەتەوە. ئەم شتەش سەرەتا بەرەو گەڵاڵە کردنی شێواز و تەکنیکی تایبەتی دەبات. ئەو شێواز و تەکنیکەش لە پیشەی (چنین)ـەوە سەرچاوە گرتووە، وەك چۆن مافوورچن مافوور دەچنێ، ئەویش بە هەمان شێوە تابلۆ دەچنێت. واتە تابلۆ لەوە دەردەچێت سکێچی بۆ بکێشێت یان ڕەنگ و شێوە و دوورابیەکانی لە خەیاڵدانی خۆیدا نەخشەڕێژ بکات، بەڵکوو ئەوەی ئەم هونەرمەندە دەیکات بریتییە لە دووبارە کردنەوەی تەکنیکی چنین، بەڵام نەك بە داو، بەڵکوو بە ڕەنگ و بە ماتریاڵی دیکە، تێیدا هونەرمەند دەبێتە وەستای چنین و خەیاڵی بە رووبەری تابلۆدا پنت پنت پەرش و بڵاو دەبێتەوە، وەك زەخرەفەکار، وەك مافوورچن دەکەوێتە چنینی تابلۆی خۆی. لەم کردەیەدا ڕووبەری تابلۆ دەبێتە ژمارەیەکی زۆر لە یەکەی نەخش و دانانی یەکەی نیگار (نەك فیگەری سەربەخۆ)، تا سەرەنجام وەك چۆن مافوور بە گرێچن تەواو دەبێت، بە هەمان شێوە تابلۆی گونەشتەکین بە گرێچنی ڕەنگ و ماتریاڵی جۆربەجۆر تەواو دەبێت.





# ــــوازێکی نوێ لە شێوەکاری

ئا/ تاریق کارێزی

قەبارەی تابلۆ، کە زۆر جار ناشێ بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە بە تابلۆ یان تەنانەت دیواربەندیش پێناسە بکەین، رەگەزێکی دیاری داهێنانە ئەوە، چونکە ئەو هاتووە بەرهەمی شێوەکاریی لە فۆرم و قەبارەیەکی جیاواز لەوەی تا ئێستا باوە، خستووەتە روو. پاڵپشت بە دیدی گونەشتەکین کە پشتی بە کولتووری خۆجێیی کوردستان (رۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا و رۆژهەڵات بە گشتی) بەستووە، ئەوەی بۆ رەخساندووە بە کەرەستەی خاوی کار کردن و شێوازی هونەرەکەی، خەملینی تابلۆ لە لای ئەو لە چوارچێوەی هەموو قوتابخانەکانی هونەر بە درێژایی مێژوو دەربچێت. ئەم هاتنە پێشەی ئەم هونەرمەندە کوردە هێندە کاریگەرە بوو، کە ئەمڕۆ تابلۆکانی بە نرخی زۆر بەرز لە سەر ئاستی جیهاندا دەفرۆشرێن، دەرگای ناودارترین مۆزەخانە و گەلەرییەکانی وڵاتانی پێشکەوتووش بە رووی بەرهەمەکانیدا کراونەتەوە. ئەو دیوارێکی رۆژهەڵاتی بە هەموو وردەکارییەکی هونەری تەلارسازی، نەخشی بینا و دەرگا و گەلێ سیمبوڵی دیکەی کولتوور و شارستانیەتی رۆژهەڵات و ئیسلام، بە ریتم و ئەندازەیەکی زۆر کاریگەر و سەرنج راکێش دەگوازێتەوە سەر رووبەرێکی گەورە، کە دواتر لە شێوەی تابلۆیەکی زەبەلاح و کراوە بە رووی بینەردا خۆی نمایش دەکات. (دیوار تابلۆ)ی ئەم هونەرمەندە بێ گیان و مردە نییە، بەڵکوو بە گەرم و گوڕییەوە هەناسە دەدات، مرۆڤەکانیش دەبنە بەشێك لە پێکهاتەی بەرهەمەکانی. وای بە گونجاو دەبینم بەرهەمەکانی گونەشتەکین ناوێکی نوێیان لێ بندرێت، خەسڵەتی تابلۆ و دیواربەندیان تێدایە، لە هەمان کاتدا هیچ کام لەم دوو جۆرە هونەرەش نییە.

رەگەزێکی دیکەی بەرهەمی هونەری لە لای ئەم هونەرمەندە، کەرەستەی کار کردنیەتی. وەك پێ دەچێ ئەم هونەرمەندە سڵی لەوە نەکردووەتەوە دەست بۆ هەموو جۆرە ماتریاڵێك ببات، ئنجا بە کارامەییەوە وەك گرێچنی بەرهەمەکانی بەکاریان بهێنێت. بۆ نموونە (پاشماوەی پیشەسازی، قۆچی ئاژەڵ، داو، یەکەی زەخرەفە، ئاوێنە، دار دیکۆری ماڵان، دەرگا، کەللە سەری مرۆڤ و گەلێ شتی دیکەش)ی، کردووە بە فیگەر و بە رەحەتییەوە بەکار هێناون و بەرهەمی شایستەی لێ گەڵاڵە کردوون. لە پاڵ ئەوەشدا ئەم هونەرمەندە تەکنیکی کار کردنی زۆر تایبەتە، وەك جۆلا و تەونکەر، ورد ورد تان و پۆی تابلۆ دەچنێت، هێڵ لە بەرهەمی ئەودا وەك داو و دەزووی تەون، بۆ ئێمەی بینەر نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی. بەم شێوەیە نەخشکاری و زەخرەفەکارییەکی دڵگیر و تایبەت دەکات، لە نێو شەپۆلی رەنگدا، باڵندە و فیگەری دیکەش ئاوێزانی یەکدی دەبن، دروست دەڵێی نەخش و گرێچنی مافووری رۆژهەڵاتییە. ئەو دڵگەرمانە و دەروێشانە رووبەری تابلۆ بە رەنگ و هێڵ دەکێڵێ، بەرهەمەکەشی نەخش و تەبارەی رووکارێکی جوان و سەرنج راکێشە، کە تا ئەو کاتەی ناوێکی بۆ دەدۆزینەوە، دەکرێ پێی بڵێین تابلۆ.

رەنگە بەهێزترین رەگەزی هونەری ئەحمەد گونەشتەکین لەوەدا خۆی بنوێنێ، کە کولتوور و پاشخانی رۆژهەڵات بە گشتی و هی کوردستانیش بە تایبەتی، هێناوەتە نێو بازنەی هونەری دیدەییەوە. بوێرانە کاری کردووە، هێڵی چەماوە کە لە هەمەجۆر لایەنی کولتوور و شارستانیەتی رۆژهەڵاتدا خۆی دەنوێنێ، بووەتە لایەنێکی گرنگ لە شێواز و تەکنیکی کار کردنی. ئەو تەنانەت زۆر جار لە شێوازی چنینی سەبەتە و بەرچنە و تلیانە و قەرتاڵەش سوودی وەرگرتووە، وەك فۆرم و پێکهاتەیەکی سەرەکی لە بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانیدا ئەو سوود وەرگرتنە خۆی دەنوێنێ. هەڵبەت پیاوانی کورد شووڕکە دار، ژنانی کوردیش پەڕۆ و داو بۆ دروست کردنی کەرەستەی ناو ماڵ بەکار دەهێنن، گونەشتەکین هاتووە جوولەی نێو ئەو کەرەستانەی کردووەتە توخمێکی سەرەکی لە ستایلی کار کردنی خۆیدا. ئەمەش رەهەندێکی تایبەتمەندیی بە بەرهەمەکانی بەخشیوە، مرۆڤ مەزندە دەکات کە لە بەرهەمەکانیدا زەخرەفە دەکات یان مافوور دەچنێت.

ئەحمەد گونەشتەکین وەك هونەرمەندێکی شێوەکار بە پاسپۆرتی تورکیا گەشت دەکات، بە ناسنامەی ئەو وڵاتەشەوە ناسراوە. نەتەوەی بێ دەوڵەت و بێ سەروەری، مەلۆی داهێنەرانی دەچێتە سەر خەرمانی خەڵکی دیکەوە. هونەرمەندیش لەمەدا نە گوناهێکی هەیە نە تاوان. ئیدی لە حامیدی ئامەدییەوە تا ئەحمەد گونەشتەکین، بە دەیان ناوی زۆر گەورەی دنیای هونەر لە لای رۆڵەکانی نەتەوەکەیان نامۆن، بێگانەش خۆی پێیان با دەدات.



# کێ هێرشی کردۆتە سەر کانجانا؟

دوای دروستبوونی ناکۆکییەك لە نێوان هونەرمەندی ناسراوی هیندی ئەدیتیا بانۆشلی و خانمە ئەکتەر کانجانا رانۆ، شایەدحاڵێك بە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی رۆژنامەی (Desimartini)ی راگەیاند کە هونەرمەندی بانۆشلی لە شەقامێکی گشتی هێرشی کردۆتە سەر کانجانا رانۆت و لێی داوە.

دوای رووداوەکە کانجا لە دادگا سکاڵای دژی بانۆشلی بەرزکردۆتەوە، شایەدحاڵەکە لەلایەن خۆیەوە رایگەیاند کە لە دادگا لە بەرژەوەندی بانۆشلی ئیفادەکانی دەدات، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی پاڵپشتیی لێ بکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی بە چاوی خۆی رووداوەکەی بینیوە و وەك شایەدحاڵێك، کانجانا پێشتریش سکاڵای دژی هیرسیك رۆشان بەرزکردبۆوەو تێیدا بە خۆدزینەوەی لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیی نێوانیان تۆمەتباری کرد، لە ئەنجامدا ناکۆکییەکی گەورە لە نێوانیاندا دروست بوو کە بە چەند قسەیەکی ناشیرین کۆتایی هات، بەڵام هەر بەمە کۆتایی نەهات تا گەیشتە دادگا.

شایەدحاڵەکە دەڵێ: کاتێك سواری ماتۆرسکیلەکەم بووم، گوێم لە هاواری کچێك بوو لە دەرەوەی هۆتێلی جۆ ماریۆت سواری گالیسکەیەك بوو و داوای لە شوفێرەکەی دەکرد کە خێرا لێ بخوڕێت، لەو کاتەدا ئۆتۆمبیلێکی سپی لە پێش گالیسکەکە رایگرت و بانشۆلی دابەزی و قژی کچەکەی راکێشا و هێنایە خوارەوە کە لێم پرسی هۆکاری ئەو لێدانە چییە؟ پێی وتم ئەوە نێوان خۆمانە. لەو کاتەشدا کانجانا رایکرد.



# نیها:
# کارەکەم پێش هەموو شتێکە

خانمە ئەکتەر ناسراوی هیندی نیها دوبیا رایدەگەیەنێت کە پێویستە هەموو کەسێك بەر لە هەر شتێك بەو کارە سەرەکییە بدات کە ئەنجامی دەدات، ئینجا بیر لە شتی لاوەکی بکاتەوە تەنانەت ئەگەر ژیانی تایبەتی خۆیشی بێت.

لەم بارەوە نیها دەڵی: من کاری خۆم زۆر خۆش دەوێت لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر، بۆیە ئەولەویەتی ژیانی خۆم داوەتە کارە هونەرییەکانم و لە دوای هونەری بابەتەکانی دیکە دێن وەك خۆشەویستی و پەیوەندی سۆزداری.

نیهای ئەکتەر و نمایشکاری پێشووی جلوبەرگ و شاجوانی ساڵی ۲۰۰۲ی هیندستان بە ماڵپەڕی رۆژنامەی filmibeat وتی: بەڵێن دەدەم لەو رۆژەی کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێك ببەستم بەیاننامەیەکی رۆژنامەنووسی بڵاو دەکەمەوە و تێیدا بە ئاشکرا دەڵێم تا ئێستا من سنگڵم، لە ژیانی تایبەتیمدا حەز بە سەرەڕۆیی ناکەم ئەمەش کارێکی سەیرە، چونکە من کراوەم و حەز لە تەحەدییەکان دەکەم.

شایەنی باسە کە دوایین فیلمی نیها لە ساڵی ۲۰۱٦ نمایش کرا بە ناوی ( Moh Maya Money) کە باس لە تاوانی کوشتن و ژیانی تاوانباران دەکات.



# ئەدیل خۆی بۆ هۆلیۆد ئامادە دەکات

دوای ئەو سەرکەوتنە زۆرەی لە سەرتاسەری جیهان لە ساڵانی رابردوو لە بواری گۆرانی وتن لە سەرتاسەری جیهان بە دەستی هێنا، ئێستا گۆرانیبێژی بەریتانی خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەزموونێکی نوێی بواری هونەری، بەڵام لە بواری نواندن.

ئەدیل خۆی ئامادە دەکات بۆ بینینی یەکەم رۆڵی نواندن لە فیلمێکی هۆلیۆد، ئەدیل لە فیلمێکدا دەردەکەوێت دەربارەی شانۆگەری مۆسیقی، ئەم فیلمە دووبارە کردنەوەی ئەو فیلمەیە کە لە ساڵی ۱۹٦۸ بەرهەمهاتووە، هەروەها لە فیلمەکە ژمارەیەك پارچە مۆسیقایەکی مێژوویی ناسراو لە خۆ دەگرێت کە لەسەر ئاستی جیهان.

بێجگە لەم بەشدارییە ئەدیل پێشتر بە گۆرانییەك بەشداری لە دوا بەشی زنجیرە فیلمی جیمس بۆند (Skyfall) کردبوو، هەروها داوای لێکرا بوو لە بەشی داهاتووی فیلمەکەش Bond ۲٥“ کە فیلمێکی ئەکشنە گۆرانی پێشەکیی پێشکەش بکات، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوونی بە کاروباری خێزانەکەی رازی نەبوو.





## ئەحلام حەجی:

# بە شێوازێکی دیکەی جیاوازتر دەگەڕێمەوە

ئەحلام حەجیی بە ڕەگەز مەغریب و نیشتەجێی وڵاتی فەرەنسا لە ماوەی ڕابردوودا سەرقاڵی پێشکەش کردنی بەرنامەیەکی هەفتانە بوو بە ناوی (فاشن دریم)، بەڵام لە ئێستادا بەرنامەکە وەستاوە و ماوەیەکە دەرناکەوێ لە کەناڵەکە، لە دەرفەتێکدا دەربارەی دوایین کارەکانی و چەند بابەتێکی دیکە ئەحلام حەجیی شاجوانی پێشووتری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



ئەحلام، دەربارەی ئەو بەرنامە نوێیەی کە بە نیازە پێشکەشی بکات وتی: من خاوەن بەهرەی زۆرم و دەزانم چۆن و لە کوێدا بەکاریان بهێنم، سەبارەت بە سەرکەوتنم من تا ئێستا لە سەرەتای رێگام و گشت تواناکانی خۆم تێیدا خستۆتەگەڕ، راستە لە ئێستادا من هیچ بەرنامەیەك پێشکەش ناکەم، بەڵام ئەمە مانای دوورکەوتنەوەم نییە، بەڵکو سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنم بۆ کارێکی بەرفراوانتر. دوای کۆتاییهاتنی بەرنامەی (فاشن دریم) کە تەنیا لە وڵاتە عەرەبییەکان تۆمارمان دەکرد، ئێستا بە نیازی بەرنامەیەکی نوێم کە لە ئەمریکا و فەرەنسا و ئیسپانیا و ئیتاڵیا و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی پێشکەش دەکرێت، لەم بەرنامەیەدا بە بەردەوام باکستەیشن لەگەڵ فاشیون دیزاینەر دەبێت لە هەر ئەڵقەیەکی بەرنامەکەدا بەمەش بەرنامەکە فراوانتر دەبێت.

زۆر لە کەسایەتییە ناسراوەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە ناوبانگ سەرئێشە و گرفتیان بۆ درووست دەکات و دەبێتە رێگر لە بەردەمیان بۆ ئەوەی وەکخەڵکی ئاسایی ژیان بەسەر بەرن، بەڵام ئەحلام رای تا رادەیەك جیاوازە و لەم بوارەوە دەڵێ: بە هۆی سەرکەوتنم لە بواری فاشین و مۆدێل و دواتریش شاجوانی و میدیا خۆشەویستی خەڵك و متمانەی میدیاکانم بە دەستهێناوە ئەمەش سەروەتێکی باشە، راستە زۆر جار رەنگە تووشی سەرئێشە و گرفتیش ببمەوە، بەڵام بۆ من جێگای شانازییە کە توانیومە ناوی خانەوادەکەم و ئاڵای وڵاتەکەم لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەرز بکەمەوە، بەڵام ئەگەر ناوبانگ و بە جیهانی بوون لەسەر حیساب کەرامەتی من بێت ئەوا نامەوێ، زۆر جار هەستم کردووە کە تۆمەتی جۆراوجۆر بۆ من هەڵبەستراوە، ئەمەش هەمووی بە هۆی سەرکەوتنم بووە لە کارەکانمدا بۆیە پڕوپاگەندەکان پشتگوێ دەخەم و هیچ گرنگوێیان پێنادەم و خۆمیان پێوە سەرقاڵ ناکەم، چونکە بڕوام بەوە هەیە کە راستی هەمیشە لە هەموو قسەیەکی نادروست بەهێزترە. و دڵنیام ئەو تۆمەتانەی دەخرێنە پاڵ من دوورن لە راستی و بێ بەڵگەن.

سەبارەت کارەکانی رێکخراوە خێرخوازییەکەی (احلام الطفولة) کە تایبەتە بە یارمەتیدانی منداڵان ئەحلام دەڵێ: یارمەتیدانی منداڵان یەکێك بووە لە ئاواتەکانم بۆیە ئێستاش بەردەوامم لە پاڵپشتی کردنی ئەم رێکخراوە خێرخوازییە و بەردەوامیش دەبم لە داهاتوو، دوایین کاریش کە لە هەولێر ئەنجاممدا و تایبەت بوو بە یارمەتیدانی منداڵە ئاوارەکانی موسڵ یەکێك بوو لەو کارانەی کە هەمیشە شانازییان پێوە دەکەم و پەنا بە خوا هەوڵ دەدەم ئەگەر بتوانم دووبارەی بکەمەوە، چونکە لەو سەردانەدا توانیم لە نزیکەوە خەم و ئازاری ئاوارەکان ببینم بەتایبەتی منداڵان کە قوربانیی یەکەم جەنگ و بارودۆخێکی تایبەتن کە هیچ دەسەڵاتیان نییە و تەنیا بوونەتە قوربانی و باجی هەڵەی گەورەکان دەدەنەوە، پێشتر سەردانی چەند کەمپێکی منداڵانم کردبوو لە کیشوەری ئەفریقیا، بەڵام لەوێ بارودۆخ بە تەواوی جیاواز بوو، لێرەوە دەمەوێ سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی کەمپەکان دەکەم کە یارمەتی و هاوکاری ئاوارەکان دەدەن

سەبارەت بە دەنگۆی رووکردنە بواری نواندن ئەحلام دەڵێ: من ئێستا میدیاکار و خۆم ئامادە دەکەم بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی نوێ سەبارەت بە فاشیون و جوانکاری بۆیە بیرم لە گۆرانی وتن و نواندن نەکردۆتەوە، هەرچەندە پێشتر چەند بەرهەمهێنەر و کۆمپانیای بەرهەمهێنانی هونەری داوایان لێکردووم بۆ ئەوەی لە زنجیرە دراما و فیلمەکانیان بەشداری بکەم، زۆر کەس دەڵێن ئەگەر روو بکەیتەوە بواری گۆرانی وتن سەرکەوتوو دەبی، بەڵام من پێموایە لە یەك بواردا هەوڵ بدەم و تواناکانی خۆمی تێدا بخەمە کار باشترە لەوەی لە یەك کاتدا خەریکی چەند کارێك بم، چونکە دڵنیام ئەگەر سەرکەوتووش بم ئەوا بەو شێوەیە نابێت کە خۆم دەمەوێ، دواتر ئەوەشمان بیر نەچێت کە گۆرانی وتن و دەنگ خۆشی بەهرەیەکە خوای گەورە بە هەموو کەسێکی نەداوە.

لە کۆتاییدا ئەحلام حەجی شاجوانی پێشووتری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وتی: من چەند جارێك سەردانی شاری هەولێرم کردووە و بەر لە چەند مانگێك بانگهێشت کرابووم بۆ بەشداریکردن لە پیشانگایەکی تایبەتی گەشتوگوزار، بەڵام بە هۆی سەرقاڵبوونم بە چەند کارێکی تایبەتی خۆمەوە نەمتوانی بێم، بەڵام لە بەرنامەمدایە لە داهاتوویەکی نزیکدا جارێکی تر سەردانی بکەمەوە، چونکە لای من یەکێکە لە شارە خۆش و دڵڕفێنەکان و خەڵکێکی میواندۆستی هەیە کە زۆر رێزی خەڵکی بیانی دەگرن، بە هەزاران خەڵکی بیانی بەو پەڕی ئازادییەوە لەو وڵاتە ژیان بەسەر دەبەن. لەو وڵاتە سەرەڕای سەختیی بارودۆخی دارایی و شەڕ، پێشکەوتن و جوانی و هونەر بەردەوامە.

